# ناڵەی دووری

گوێ بگرە تۆ لە نای دەروون هەڤاڵی من
چۆن باس دەکا بە مەحزوونی لە حاڵی من

هەڵدەرێژێ ئاخ و ئۆف و ناڵەی دووری
بۆ وڵات و بۆ هەوار و بۆ ماڵی من

تا دێتە دەر ئاوازەکەی لە دەروونم
ئاور دەگرێ دڵی پڕ لە زوخاڵی من

کە هاتە دەر، دەکرێتەوە دێتە وتار
بە وتاری دەسووتێنێ دوو باڵی من

باس دەکا چۆن بێ مانایە ژیانی من
چۆن کز و زەرد بووە رەنگی رووی ئاڵی من

چۆن لە چەشنی پەلەهەوری وەرزی بەهار
دێن و دەڕۆن رۆژ و مانگ و هەم ساڵی من

چۆن بەدەست خۆم قوڕی دووریم شێلا بە خۆم
کردم وەسەر سەری خۆم و منداڵی من

هەڵم بژارد ئاوارەیی وا بە کوێری
چۆن شێواندی ڕێگا لە هۆش خەیاڵی من

ناڵەی دووری دێ لە ناخم ئاخم وەسەر
تا ناخ پڕە لەو خەفەتەی وا تاڵی من

گوێ بگرە تۆ لە نای دەروون هەڤاڵی من
چۆن باس دەکا ژینی تاڵی بە تاڵی من

نەرویج 1997/10/12
لە دیوانی ناڵەی دووری لاپەڕە 6